Dengekan

# کێ تووشی کۆلێرا دەبێت؟

**عومەر جەلال**
Omerjelal@yahoo.com

هەروەك چۆن جەنگ دەبێتە هۆی لەناوبردنی چینی هەژار و مرۆڤی بەستە زمان ئاوهاش نەخۆشیە گشتیەكانیش لە خوارەوە دەچێتە سەرەوە لە چینی هەژارەوە دەست پێدەكات و بەر لەوەی بگاتە سەرەوە بۆ چینی بەرپرس و خواپێداوەكان چارەسەر دەكرێت ,كۆلێرا ئەو نەخۆشیەی ئەمڕۆ بەربلاّوە ,دووربووە لە هزری هەریەك لە تاكی كوردیەوە ,ئێمە بەدەست نەخۆشی گەندەڵی و دەیان نەخۆشی دیكەوە دەناڵێنین كەچی كۆلێرا زۆرینەی ڕاگەیاندنەكانی داپۆشی.

هەرگیز ناشێت كەسە گەندەڵ و نادادپەروەرەكانی كوردستان تووشی كۆلێرا بن و ئەو هەموو سامانەی كۆمەڵگەیان خواردووە لە پاشەڕۆیانەوە دەربچێت ,ئەو كەسانەی چەندین ساڵە لەسەر داهاتی خەڵكی پاشماوەی ئەنفال و هەڵەبجە و پاشماوەی قوربانییەكان دەژین ئەمڕۆ كۆلێرا بە بەرچاوی ڕاگەیاندنەكانەوە بیان رشێنێتەوە ,ئەوەی تووشی كۆلێرا دەبێت ئەو منداڵە بێنازانەیە هەرچەند دەكەن لە شەقامەكاندا بەدیار پێڵاّو بۆیاخ كردنەوە نانی ئێوارە پەیدا ناكەن و تووشی كۆلێرا دەبن,ئەوە كوری و كچی بەرپرس و دەوڵەمەندەكانی شار نییە تووشی كۆلێرا دەبن بەڵكو منداڵی ئەو كرێكارانەیە داهاتی مانگانەیان ناكاتە شەوی مێزی خواردنەوەی بەرپرسێك ,كۆلێرا وەك هەموو نەخۆشیەكانی دی خۆی دەكات بەو ماڵانەدا تواناى ئەوەیان نییە ئاوەڕۆكەیان پاك بكەنەوە ,كۆلێرا تەعاروف لەتەك ئەو پیاوە بەسالاّچووانەدا دەكات هەمووی تەمەنیان بەخشی بەچاوەڕوانی هاتنەوەی شەهیدەكانیان,

كۆلێرا بەو ماڵانە دوێرێت خواردنە بەسەر چووەكان دەكڕن تەنیا بە هۆی هەرزانی نرخەكەیەوە ,كۆلێرا بەو ماڵانە ناوێرێت بە ئاوی پاكژ خۆیان دەشۆن.

ئەمڕۆ هەرێمی كوردستان لە ناسكترین و هەستیارترین ساتدا گوزەر دەكات ,لەلایەك تۆپ باران كردنی ئێران و نزیك بونەوەی بۆ خاكی كوردستان و لە لایەك گەمەكردن بە بارودۆخی كەركوك و مادەی(140,لەلایەك هەڕەشە لە ئازادی بیرو ڕا و بە تیرۆریست كردنی رۆژنامەنوس و لە لایەك بێدەنگ بوون لە ئەو هەموو گەنجە بێكارە,دیسانەوە دەسەلاّت ئەوەی پێووتین چی دی كۆمەڵگە لە خۆشگوزەرانیدا دەژێت و دۆخی ئاسایشی هەرێم پارێزراوە, پینەكردنی ئەو هەموو كێشانەی تاكی كوردی تێیدا دەژێت و بێئاگای و فەرامۆشی لە دادگای جاش و مستەشارەكان یەكێكی دیە لەو فاكتەرە گرنگانەی كە ئەمرۆ بە ئاشكرا حیزبەكان بێدەنگ بوونە لێی, كۆلێرا تەنیا نەخۆشی نییە ئەمرۆ بووەتە هۆی ترسی گەورەی هاوولاّتیان ,وەلێ دەیان نەخۆشی دیكەمان هەیە ,زۆرینەی دكتۆرەكانمان نەخۆشی دەروونییان هەیە ,زۆرینەی مامۆستاكانمان نەخۆشی دەمارگیری ( nervous ) یان هەیە,زۆرینەی سیاسیەكانمان نەخۆشی یادچوونەوەیان هەیە ,دەسەلاّتیش تووشی نەخۆشی شیزۆفرینیا هاتووە ,ئیدی تەنیا كۆلێرا تاكە نەخۆشی نییە.ئەگەر كێشەی ئێمە تەنیا نەخۆشی كۆلێرا بێت ئەوە لەزووەوە چارەسەر كرابوو.